ئامرازەکانی پەیوەندی:

لە گەیاندنی خودییەوە بۆ گەیاندنی جەماوەری

ئەم دنیایەی ئێمە تێیدا دەژین، دنیایەکە لەسەر گەیاندن وەستاوە. ئایا دەتوانین کەسێک بێنینە بەرچاومان، بەبێ گەیاندن بژی، جا لە ماڵ بێت، لە ئیش بێت، لە قوتابخانە بێت، لە زانکۆ بێت، یان لە یاریگا؟ چالاکییەکانی مرۆڤ چالاکیی گەیاندنن. کەواتە گەیاندن پرۆسێسێکی کۆمەڵایەتیی گرنگە، نە مرۆڤ و نە ڕێکخراو و نە دامودەزگاکانیش دەتوانن بەبێی بژین. ئەو پرۆسێسەش دەبێت لەسەر بنەماکانی ڕاستگۆیی، شەفافیەت، وردبینی لە پێدانی زانیاری و مەعریفە و دەستنیشانکردنی سەرچاوە وەستابێت. کەواتە با بچینە ناو دنیای گەیاندنەوە:

پێناسەی گەیاندن:

گەیاندن پرۆسێسێکە مرۆڤ لە دۆخێکدا بەجێی دەهێنێت بە گەیاندنی پەیامێک، کە ئەو پەیامە زانیاری، بیروبۆچوون، یاخود هەست و سۆزی بەرامبەر بە کەسانی دیکە، لە خۆی دەگرێت بە ئامانجێک و لە ڕێگای سومبۆلەکانەوە، بە چاوپۆشین لەوەی ئەو گەیاندنە بەر ژاوەژاو (تەشویش) دەکەوێت. دەتوانین بڵێین گەیاندن پرۆسێسیکی بەردەوامە و لە خاڵێکی دیاریکراودا ناوەستێت، بەڵکو لە درێژبوونەوەدایە و هەمیشە هەنگاو دەنێت، بەو پێیەی ئامانجی ئەوەیە زۆرترین زانیاریی راست و حەقیقەتی روون بە جەماوەر بگەیەنێت.
ئەم پێناسەیەش کۆمەڵێک ڕەگەز لە خۆی دەگرێت:

1. گەیاندن پرۆسێسە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت زنجیرەیەک پرۆسێس و ڕووداوی بەردەوامە و هەمیشە بەرەو ئامانجێک لە جووڵە دایە، بەوەی

کە گەیاندن قەوارەیەکی بێگیان و وەستاو نییە لە دنیای کات و شوێندا، بەڵکو پرۆسێسێکی دینامیکییە و بۆ گواستنەوەی مانا و نۆرمی کۆمەڵایەتی (قیم الاجتماعیە) و ئەزموونی هاوبەش دەخرێتە کار.

2. پەیامنێر، یاخود نێرەر (ئەوەی بە گەیاندنی پەیام، یاخود ناردنی پەیام هەڵدەستێت Sender): هەر پرۆسێسێکی گەیاندن واتە بوونی کەسێک، کە بە گەیاندن هەڵبستێت، واتە پەیامنێر، یاخود نێرەر (Communicator)، کە دەشێ کەسێکی ئاسایی یان مەعنەوی (دامودەزگا، کۆمپانیا، وەزارەت و هتد) بێت، کە لایەنێکە دەستپێشکەریی گەیاندن دەکات، بەوەی پەیامی خۆی بە کەسێک، یان کۆمەڵێک کەس دەگەیەنێت. کەواتە پەیامنێر ئەو سەرچاوە (Source) یە، کە کار لەسەر بەرهەمهێنانی پەیام دەکات، پەیامێک هەڵگری مانا بێت و بەهۆی ڕێگاکانی گەیاندنەوە دەیگەیەنێتە وەرگر. وەکو نووسەری کتێب، نووسەر لە ڕۆژنامە و گۆڤار، گوتاربێژ لە هۆڵی ڕۆشنبیری، پێشکەشکەری بەرنامە لە ڕادیۆ و تیڤی. نێرەری بواری ڕاگەیاندن هەوڵ دەدات بابەتێک هەڵبژێرێت، کە پەیوەندیی بە ڕووداوەکانی ژینگەکەیەوە هەبێت و لای جەماوەرەکەی بە هەند هەڵبگیرێت. لێرەشدا سومبۆلی گونجاو بەکاردەهینیت بۆ گەیاندنی ماناکان، بەو مەبەستەی کاریگەرییەکی گەورە لە وەرگرەکانی بکات. سومبۆلیش ئەو شتەیە، کە ئەو مانایانە دەگەیەنێت، ئەو مانایانەی لەناو چوارچێوەی کۆمەڵگادا ناسراون. مرۆڤیش پێچەوانەی کائینەکانی دیکە سومبۆل بەکاردەهێنیت. دیارە زمانیش سیستەمێکە لە سومبۆل چ لەسەر ئاستی نووسین و چ لەسەر ئاستی سەرزارەکییدا، کە تاکەکانی کۆمەڵگایەک بەشێوەیەکی دیاریکراو و بە مەبەستی گەیاندنی مانا بەکاری دەهێنن و ئامانجە تاکی و گرووپییەکانی پێ بەدی دەهێنن. لە گەیاندنی جەماوەرییدا نێرەر لە

گرووپێکی ڕێکخراو (مجموعە منظمە) لە تاکەکان پێکدێت، واتە چەند کەسێکن ستافێک پێکدەهێنن. ئەو گرووپەش کار لەسەر دانانی ماناکان دەکات، کە لەنیوان خۆیاندا لەسەری ڕێککەوتوون لەو پەیامەی دەینێرن. ئەو پەیامەی لە دەزگایەکی راگەیاندنەوە دەنێردرێت بە بۆچوونی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەوە دادەنرێت، نەوەک هی کەسێک. ڕاستتر نەک هی ئەو بێژەرەی لە تەلەڤزیۆن، یان لە رادیۆ پەیامەکەمان پێ دەگەیەنێت، یان لە پێشەکی گۆڤارێکدا بەرچاومان دەکەوێت. بۆیە ئەو پەیامە شتێکی سەرپێی نییە، بەڵکو لێی کۆڵدراوەتەوە، بەو مەبەستەی ئامانجەکانی بە چاکی بەدی بهێنێت.

3. پەیام، یاخود نامە: Message: مەبەست لە پەیام زانیاری و بیروبۆچوون و هەستەکانە، کە پەیامنێر (ئەوەی بە گەیاندنی پەیام هەڵدەستێت) مەبەستیەتی لە ڕێگای سومۆلەکانەوە بۆ کەسانی دیکەی بگوازێتەوە، کە دەشێت دەنگدار بێت وەکو قسەکردن، یان وێنەیی بێت وەکو نووسین، یاخود جووڵەیی بێت وەکو ئاماژەکان، بگرە دەشێ تێکەڵییەک بێت لە هەموو ئەو سومبۆلانە. کەواتە پەیام لە کۆمەڵێک سومبۆلی بەسوود پێکدێت و بەو مەبەستە ڕێکدەخرێت و دەنێردرێت، کە ماناکان بگەیەنێتە وەرگر. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە پەیام لە سێ ڕەگەز پێکدێت (1) سومبۆل (2) ناوەرۆک، واتە مانا و بیرۆکەکان، کە تەعبیر لە ئامانجەکەی دەکەن (3) شێواز و ڕێگای پێشکەشکردن. لە پرۆسێسی گەیاندندا پەیام سەربەخۆ دەبێت و دەبێتە خاوەنی خۆی دوای ئەوەی لە نێرەرەوە بۆ وەرگر دەنێردرێت. چاکترین نموونە بۆ سەربەخۆیی پەیام ئەوەیە، کاتێک نامە لە پۆستەخانە دەنێردرێت، نە لای نێرەرە و نە لای وەرگر، بەڵکو سەربەخۆیە.

4. وەرگر Riceiver: واتە ئەوانی دیکە، ئەوانەی پەیامیان پێ دەگات، جا وەرگر تاکەکەس بێت، گرووپ بێت، دامودەزگا بێت، یاخود جەماوەر. کەواتە ئەو سەرچاوەیەیە، کە پەیامی پێ دەگات و هەوڵ دەدات لە سومبۆلەکان تێبگات و ماناکانی دەستبکەوێت. ئەو کارەی وەرگر تەواو پێچەوانەی کاری نێرەرە. نێرەر پەیام لە شێوەی سومبۆل پێکدەهێنێت و دەینێرێت، بەلآم وەرگر سومبۆلەکان شی دەکاتەوە و دەیەوێت لە ماناکان تێبگات. لە باری گەیاندنی ڕووبەڕوودا دەشێ وەرگر تاکەکەسێک، یان گرووپ بێت، بەلآم لە باری گەیاندنی جەماوەرییدا وەرگر زۆر زۆرن. واتە لە رەگەزی جیاواز جیاواز پێکهاتوون وەکو منداڵ، گەورە، گەنج پیر، نێر، مێ.

5. ئامانج: Target: پرۆسەی گەیاندن پەیامنێر پێی هەڵدەستێت بە ئامانجێک، کە بریتییە لە بزواندنی بیروبۆچوون و هەستەکانی ئەوانەی پەیامیان پێ دەگات.

1. گواستنەوەی پەیام (ڕێگا) Means: پەیام بە ڕێگای جۆراوجۆر دەگوازرێتەوە، بۆ کەس لە ڕێگای زارەکی و بۆ جەماوەر لە ڕێگای کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، رادیۆ، تەلەڤزیۆن و سینەما.

2. ژاوەژاو (تەشویش) Noise: جۆری پرۆسێسی گەیاندن و ئاست و ڕێگاکەی هەر چۆنێک بێت، ئەوا هەندێک ڕەگەزی ژاوەژاو هەر خۆیان دەخزێننە ناویەوە، کە کاری نێگەتیڤ لە سەرکەوتنی ئەو پرۆسێسە دەکەن. کەواتە ژاوەژاو شێوانی ئەو پەیامەیە، کە نێرەر بۆ وەرگری دەنێرێت، ئەویش وەکو گوتمان بەهۆی خزانی هەندێک شت بۆ ناو ئەو پەیامە دوور لە خواستی نێرەر. ئەمەش کار دەکاتە سەر گۆڕانی

مانای پەیام. دەگەینە ئەوەی بڵێین هەر پرۆسێسیکی گەیاندن دەگریت، جۆرێک نارێکیی هەر تێدەکەوێت. بۆ نموونە لە گەیاندنی ڕووبەڕوودا دەشێ زمانگرتنی قسەکەر، یان کۆکینی کار بکاتە سەر دەنگی و بەچاکی پەیامەکەیمان پێ نەگەیەنێت. لەمەوە ئەو پەیامەیە دەشێوێت، کە نێرەر بۆ وەرگری دەنێرێت، ئەویش بەهۆی خزانی ئەو شتە نالەبارانەوە بۆ ناو ئەو پەیامە دوور لە خواستی نێرەر. لێرەشدا دوو جۆر ژاوەژاو هەن: ژاوەژاوی پەیوەست بە کەناڵ Channel Noise و ژاوەژاوی پەیوەست بە مانا لەفزییەکان: Semantic Noise.

ئەلف: ژاوەژاوی پەیوەست بە کەناڵ: Channel Noise

ئەم جۆرە ژاوەژاوە دەشێت لەناو کەناڵ یان لە دەرەوەی ڕوو بدات. هەڵەی چاپ، هەڵەی ڕاگەیاندن، ئەو وشانەی سڕاونەتەوە، پەرەگرافی لابراو، لاپەڕەی لەبیرکراو لە ڕۆژنامە یان لە گۆڤار. وێنەی ناڕۆشەن و خراپیی پەخش لە تیڤی. تێکچوونی تەلەڤزیۆن و نەمانی پاتری لە ڕادیۆ. نەگەیشتنی ڕۆژنامە و گۆڤار بۆ بەشداران. ئەمانە هەموویان دەچنە خانەی ژاوەژاوی ناوەخۆی کەناڵەوە.
ژاوەژاوی دەرەکی وەکو دەشێت پەخشی تەلەڤزیۆنێک لەسەر پەخشی تەلەڤزیۆنێکی دیکە بێت. شەڕی مندالآن لەکاتی سەیرکردنی تیڤی. میوانەکان دێن و ئێمە خەریکی خوێندنەوەی کتێبین. لە کاتێکدا گوێ لە هەواڵەکان دەگرین، زەنگی دەرگا لێ دەدرێت. فیلمێکی خۆش لەو کاتەدا نیشان دەدرێت، کە ئێمە ئارەزووی خوێندنەوەمان هەیە. هەموو ئەمانە ژاوەژاوی دەرەکیین.
بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی ژاوەژاو لەسەر پەیامی ڕاگەیاندن، پەنا بۆ دووبارەکردنەوەی بەرنامەکان دەبرێت، بەو مەبەستەی خەڵک لەو بەرنامانە بێ بەش نەبن. وەکو لە تیڤییەکاندا دەبینین، هەر بەرنامەیەک زیاتر لە جارێک و

له کاتی جیاوازدا نیشان دەدرێت.

بێ: ژاوەژاوی پەیوەست بە مانا لەفزییەکان: Semantic Noise

میریل (Merrill) و لوینشتاین (Lowenstein) پێیان وایە، کە ئەم جۆرەیان لە راستییدا ژاوەژاو نییە، بەڵکو دەچێتە خانەی سەرنەکەوتنی پرۆسەی گەیاندنی مانای پەیام. ئەمە کاتێک دێتە کایەوە، کە زمان بەکار دەهێنین. هەتا شپرزەیی لای ئەوانەی بەشداری لە پرۆسەی گەیاندن دەکەن زیاتر بێت لە تێگەیشتنی مانای زاراوە و چەمکەکاندا، ژاوەژاوی مانا زیاتر دەبێت. واتە هەتا ئەوانەی دەیانەوێت پەیامەمان پی بگەیەنن، شپرزە بن و نەتوانن بەچاکی مامەڵە لەگەڵ دەربڕینی ئەو مانایانەدا بکەن، ئەوا ژاوەژاو زیاد دەبێت و ئێمە لێیان تێناگەین. بەکورتی ئەم ژاوەژاوە لە ئەنجامی خراپتێگەیشتن (سوء الفهم)ەوە پەیدا دەبێت.
دیارە دەبێت ئەوەش بڵێین، کە ئێمە بەشێوەی جیاواز لە ماناکان تێدەگەین. دەشێ زۆر جار پەیام لەڕووی دەنگەوە هیچ خەوشێکی نەبێت، بەڵام ئێمە لە مانای وشەکان تێناگەین و دەبێت پەنا بۆ فەرهەنگ بەرین. لێرەشدا ئاستی هۆشیاریی کەسەکان ڕۆڵی خۆی لە تێگەیشتنی پەیامدا هەیە.

زۆر ڕێگر هەن، کە بەشداری لە پەیدابوونی ژاوەژاوی مانا دەکەن و دەبنە هۆی سەرنەکەوتنی پرۆسەی گەیاندن. دەکرێت ئەمانە بخەینە بەرچاو:

_ بوونی جیاوازی لە باکڕاوەندی ئەوانەی بەشداریی لە پرۆسەی گەیاندن دەکەن.
_ کات و ساتی پەیام. زۆر جار کات و ساتی گەیاندنی پەیام گونجاو نییە. بۆ نموونە کاتێک فوتبۆلێنێکی گرنگ لە یاریگای شاردا نمایش دەکرێت و جەماوەرێکی زۆر لەو یاریگایەن، کەم کەس ئاگای لە سەیرکردنی تیڤی و گوێگرتن لە ڕادیۆ و خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبە.

_ بوونی جیاوازی لە ئاستەکانی هۆشیاری.
_ بوونی جیاوازی لە بایەخدان بە پەیام. دیارە کەسەکان بەهەمان بایەخەوە گوێ بە پەیام نادەن.
_ جیاوازی لە ڕادەی ژیری.
_ بوونی جیاوازی لە زاراوە و چەمکەکاندا.
_ بوونی جیاوازی لە تەمەن و ڕەگەز و چیندا.
_ کەمیی شارەزایی لای ئەوانەی پەیام دەگەیەنن.
_ کەمی، یاخود نەبوونی کاردانەوە و کارلێک دروستکردن.

3. ئەو بارودۆخەی پرۆسێسی گەیاندنی تێدا جێبەجێ دەبێت: دیارە ئەو پرۆسێسە لە بۆشاییدا جێبەجێ نابێت، بەڵکو لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییدا دێتە کایەوە.

4. کاریگەری: مەبەست لە کاریگەری، ئەو گۆرانکارییەن، کە لە ئەنجامی گەیشتنی پەیامەوە بەسەر وەرگردا دێت. لە نموونەی گەیاندندا کاریگەری بە سەخترین ڕەگەز دادەنرێت، چونکە گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست لەبارەی کاریگەریی گەیاندنی جەماوەری بەسەر خەڵکەوە، زۆر زەحمەتە. ئەگەرچی ناتوانرێت ئەو کاریگەرییە بشاردرێتەوە، کە ڕێگاکانی گەیاندن لای چین و توێژەکان هێناویانەتە کایەوە. کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات، کە هەرکە لە سەدەی پانزدەهەم چاپخانە پەیدا بوو، چ کاریگەریەکی گەورەی لە پێشکەوتنی شارستانی و پەرەسەندنی مەعریفەدا کرد. دیارە ئەو گۆڕانکارییە هەر خێرا دەرناکەوێت، بەڵکو ماوەیەکی دەوێت، بۆیە ناکرێت بڵێین پەیامێک، یان چەند پەیامێک دەتوانن گۆرانێکی ڕیشەیی لە ئەقلی خەڵکدا بەرپا بکەن، بەڵکو ئەو گۆرانە پەیتا پەیتا دێتە کایەوە. کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات، کە راگەیاندن سەرچاوەیەکی گرنگی

مەعریفەیە.

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە نموونەکەی (هارۆلد لاسویل) بکەین، کە پرۆسەی گەیاندنی لە شێوەی چەند پرسیارێکدا روون کردۆتەوە:

کێ؟ Who

چی دەڵێ؟ Says what

بە چ ڕێگایەک؟ In which channel

بۆ کێ؟ To whom

بە چ کاریگەرییەک؟ With what effect

هەروەها گەیاندن پرۆسێسێکە کۆمەڵێک ئاستی هەیە، کە دەکرێت لێرەدا بەوردی بیانخەینە ڕوو:

ئاستەکانی گەیاندن:

یەکەم: ئاستی خودی: Intra Personal Communication

دووەم: گەیاندنی نێوان کەسەکان:

سێیەم: گەیاندنی نێوانی (Medio Communication):

چوارەم: گەیاندنی جەماوەری: (Mass Media Communication)

مەرجە بنەڕەتییەکانی بوونی گەیاندنی جەماوەری:

بۆئەوەی ڕێگاکانی گەیاندنی جەماوەری لە هەر کۆمەڵگایەکدا گەشە بکەن، ئەوا دەبێت هەندێک مەرجیان بۆ فەراهەم بکرێت، کە لێرەدا دەیانخەینە ڕوو:

یەکەم: بوونی بنکەیەکی ئابووریی پتەو بتوانێت تەکنەلۆژیای پێویست بۆ گەیاندن فەراهەم بکات وەکو چاپخانە و کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن.

دووەم: بوونی بنکەی زانستی و ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگا، بەشێوەیەک بتوانێت زانیاری بەرهەمبهێنێت و دابەشیشی بکات. لێرەدا دەبێت خوێندەواری لای تاکەکان پەیدا بووبێت، بۆئەوەی بتوانن ئەو زانیاری و مەعریفانە بەکار بهێنن. لەو کۆمەڵگایانەی خوێندەواری لە ئاستێکی نزم دایە، ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب ڕەواجێکی کەمیان هەیە، لە کاتێکدا ئەوانە لەو کۆمەڵگایانەی ڕادەی خوێندەوارییان تێدا بەرزە، بەشێوەیەکی بەرفراوان دابەش دەکرێن و ڕۆڵی گرینگیش لە ژیانی هاووڵاتیاندا دەبینن.

سێیەم: بوونی چڕیی دانیشتوانی گونجاو لە کۆمەڵگادا. دیارە ڕێگاکانی گەیاندنی جەماوەری پارەیەکی زۆری تێدەچێت، بۆیە بەکارهێنانی ئەوانە بەشێوەیەکی کاریگەر، پێویستی بە چڕیی دانیشتوانی گونجاو هەیە، کە بتوانن بەکاریانبهێنن. دەکرێت لێرە تێبگەین بۆچی ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی (محلی) لە شاردا سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت و لە لادێ نەء، چونکە لە شار پێچەوانەی لادێ چڕیی دانیشتوانی گونجاو و ڕێژەی خوێندەواریی بەرز هەیە و ئەو ڕۆژنامەیەش ژمارەیەکی زۆری لێ دەفرۆشرێت. کەواتە بوونی چڕیی دانیشتوانی بەرز و خوێندەواری گرینگن بۆ بەردەوامبوونی ڕێگای گەیاندنی جەماوەری، چونکە وا نەبێت ئەو پارەیە دەست ناکەوێتەوە، کە بۆیان خەرج کراوە.

چوارەم: بوونی ئێتمۆسفێرێکی گونجاوی ئازادیی بیروڕا. وەک دەبینین لەو کۆمەڵگایانەی زەمینەیەکی بەرفراوان بۆ ئازادیی بیروڕا هەیە و تاکەکان

دەتوانن بەئازادی بیروباوەڕی خۆیان دەربڕن، ڕێگاکانی ڕاگەیاندن زۆر پێشکەوتوون و خەڵک پشتگیری و هاوکارییان دەکەن، چونکە ئەوان لە بەرژەوەندیی خەڵک کار دەکەن.

پێنجەم: بوونی تەکنەلۆژیای گونجاو و پێشکەوتوو بۆ گەیاندن وەکو تەلەفۆن، چاپخانە، سەتەلایت.

کۆڵەگەکانی ڕێگای گەیاندنی جەماوەری:

لێرەدا شەش کۆڵەگەی بنەڕەتی بۆ کەناڵەکانی گەیاندنی جەماوەری هەن، کە لای میریل (Merrill) و لوینشتاین (Lowenstein) خۆیان لە چوار کۆڵەگەدا دەبیننەوە، کە ئەمانەن: دووبارە بەرهەمهێنان، دابەشکردن، کاردانەوە یان دەنگدانەوە یاخود دەرخوارددانەوە Feed back، پارە پێدان (تمویل). لێرەدا دوانی دیکەی دەخەینە سەر، کە لەبێژنگدان و ژاوەژاون.

یەکەم: دووبارە بەرهەمهێنان: Reproduction

دوای ئەوەی زانایان توانیان ئامێرەکان دابهێنن، وای لێ هات لە توانادا بێت، کە پەیام ئامادە و زیاتر بکرێت. چاپخانە و ئامێرەکانی تۆمارکردن کارێکیان کرد، کە پەیامە بنەڕەتییەکە گەورەتر بکرێت. پرۆسەی دووبارە بەرهەمهێنان بە بەکارهێنانی پێنج ڕەگەز جێبەجێ دەبێت، کە ئەمانەن:

1. سومبۆلە لەفزییەکان وەکو بەکارهێنانی ئەلفوبێ بە مەبەستی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو زمانەی پێی دەدوێین.
2. سومبۆلە وێنەییەکان بۆ وێنەگرتنی ڕووداوی بنەڕەتی بە بەکارهێنانی ئامێری پێویست (کامێرای فۆتۆگراف و کامێرای ڤیدیۆ و هتد).
3. ڕەنگ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو سومبۆلە لەفزییانە بەکار دەهێنرێت، کە وا

دەکات ئەو وێنانە زیاتر لە وێنەکانی ژیان بچن.

4. دەنگ، ئەمەش بە دووبارە بەرهەمهێنانەوە و گواستنەوەی دەنگە ئۆرگینالّ (اصلی)ەکان و موزیک و شتی دیکە. بۆ نموونە بلآوکردنەوەی سی دی و کاسێت و فیلمی ڤیدیۆ.
5. جووڵە، واتە بەرهەمهێنانەوەی جووڵە و شتی دیکە. وەک لە فیلمەکاندا دەیبینین.

ئەگەر لێرەدا ڕێگا گەیاندنێکی وەکو سینەما بە نموونە بهێنینەوە، ئەوا دەبینین هەر پێنج ڕەگەزەکەی لە خۆی گرتووە.

دووەم: دابەشکردن: Distribution

لێرەدا سێ ڕەگەزی سەرەکیی پێویست هەن بۆ بەدیهێنانی زۆرترین ڕادەی دابەشکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانی جەماوەری، کە ئەمانەن:

1. بوونی توانا لە گواستنەوە (Protability)دا، کە گەیاندنی ڕێگای یان پەیامی گەیاندنە بە تاکەکانی جەماوەر.
2. بوونی توانا لە پێداچوونەوە (Reviewability)دا، کە توانای جەماوەرە لە وەرگرتنی پەیام و پێداچوونەوەیەتی بەپێی ئارەزووی خۆی.
3. دەستبەجێیی (Simultaneity)، توانای ڕێگایە لە گەیاندنی پەیام بە جەماوەر لەکاتی دەرچوونیدا. مەبەست لە گەیشتنی پەیامە بە جەماوەر زۆر بەخێرایی و دەستبەجێ.

دەتوانین سەرنج بدەین، کە چۆن هەندێک لەو ڕەگەزانە، یاخود هەموویان شتی سەرەکیین لە ڕێگاکانی گەیاندندا. ئەگەر لە کتێب  یان ڕۆژنامە و گۆڤار ورد بینەوە، دەبینین بەئاسانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرێنەوە. هەمان شت لەبارەی رادیۆی ترانزستۆر و تەلەڤزیۆنی ترانزستور، کە قەبارەیان هەر ئەوەندەی لەپی دەست دەبێت. هەروەها دەشزانین، کە لەگەڵ ڕێگاکانی گەیاندنی جەماوەرییدا دەکرێت بە پەیامدا

بچینەوە، ئەگەر نووسراو بێت، بەڵام دەتوانین تۆماری بکەین، ئەگەر بیستراو و بینراو بێت. بۆ مەسەلەی دەستبەجێییش، ئەوا لە ڕێگای توانای ئێستگەی دەنگی و بینین، واتە رادیۆ و تیڤییدا، بەئاسانی هەست بەوە دەکەین چۆن ڕووداو بەشێوەیەکی خێرا و ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە.

سێیەم: کاردانەوە یان دەنگدانەوە Feed back:

ئەو زانیارییانەن، کە پەیامنێر لە وەرگرەوە دەستی دەکەون. یاخود وەڵامدانەوەیەکە لای ئەو کەسە پەیدا دەبێت، کە پەیامی پێ دەگات. واتە ئەو هەژمار (سلوك)ەی لای وەرگر دەردەکەوێت، کاردانەوەیەکە بەرامبەر بەو پەیامەی پێی دەگات. دەکرێت پەیامنێر بە کاپتنی کەشتی بچوێنین، بەو مانایەی کاپتنی کەشتی پشت بە کۆمەڵێک ئامێر و کەرەسە دەبەستێت لەپاڵ هەستەکانیەوە، بەو مەبەستەی ئاگای تەواوی لە دەوربەرەکەی بێت و بەردەوام زانیاری وەربگرێت، بۆئەوەی بزانێت چۆن ئاڕاستەی کەشتییەکەی دیاری بکات. هەتا ئەو زانیارییانە دروست بن، کاپتنیش کەشتییەکەی بەشیوەی چاکتر لێ دەخوڕێت و ناهێڵێت بەر گابەرد بکەوێت و بەملا و بەولادا بچێت. دەبێت ئەو کاردانەوەیەش وەکو هەژمارێکی بەردەوام بۆ چەند سەرچاوەیەک ئاراستە بکرێت.
لە گەیاندنی جەماوەرییدا دەزگاکانی گەیاندنی جەماوەری ناتوانن بزانن یاخود ناتوانن سەرنج بدەن، کە کاردانەوە چۆنە و مەداکانی چەندن، چونکە کۆمەڵێک گۆڕانکاری خۆیان دەخزێننە ناو پڕۆسەی گەیاندنەوە.
دەنگدانەوە، یان کاردانەوە فاکتەرێکی گرنگە لە ڕوونکردنەوەی مانا لەنێوان نێرەر و وەرگردا. نێرەر هەوڵ دەدات لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی لە وەرگرەوە پێی دەگات، پەیامەکانی دواتری چاکتر بکات، بەو مەبەستەی کاریگەرییەکەی زیاتر بێت. ئەمەش وا دەکات ئامانجی نێرەرە چاکتر بێتە دی. لێرەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین دەنگدانەوە پرۆسیسێکە بەشێوەیەکی ورد

مەعریفە و بیرۆکەکان دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی کارلێکردنێکی گەورە لەنیوان ئەوانەی لە گەیاندندا بەشداری دەکەن. کاردانەوە لە گەیاندنی رووبەرووودا خێرایە، بەڵام لە گەیاندنی جەماوەرییدا سستە، چونکە نێرەر و وەرگر لە یەکترەوە دابڕاون. ئەمەش بە خاڵێکی نێگەتیڤ دادەنرێت و کار دەکاتە سەر کاریگەریی گەیاندنی جەماوەرییەوە. کارمەندانی بواری ڕاگەیاندن هەوڵ دەدەن بەسەر ئەم تەنگوچەڵەمەیەدا زاڵ بن، ئەویش بە گرتنی چەند ڕێگایەک، بەو مەبەستەی لە جەماوەر نزیک بکەونەوە و ئاگایان لە کاردانەوەکانیان بێت. یەکێک لەو ڕێگایانە لێکۆڵینەوەی مەیدانییە، بەو مەبەستەی مەودای ئەو کاردانەوانە بزانن. ڕێگایەکی دیکە هەیە پێی دەگوترێت خۆراکی پێشوەخت (Front Feedback). ئەمەیان ئەوەیە، کە ئەوان کارەکانی خۆیان پیشانی چەند کەسێک لەو جەماوەرە دەدەن، هەتا بزانن کاردانەوەیان چۆنە و بەگوێرەی ئەوە دەسکاریی لەو کارەی خۆیاندا بکەن و دواتر پێشکەشی جەماوەری بکەن.

دابەشکردنی دەنگدانەوە لەڕووی کاتەوە:

دەکرێت لەڕووی کاتەوە دەنگدانەوە بۆ چەند جۆرێک دابەش بکرێت:
_ دەنگدانەوەی خێرا: ئەم جۆرەیان بە گەیاندنی رووبەڕوو و گەیاندنی نێوانی جێبەجێ دەبێت. بۆ نموونە کاتێک لە هاوڕێکەت دەپرسی نرخی فلآن کتێب چەندە، ئەو خێرا پێت دەڵێت سێ هەزار دینارە، کەواتە وەڵامدانەوەکەی خێرایە.
ئەم جۆری دەنگدانەوەیە لە گەیاندنی جەماوەرییدا لە هەندێک بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا دەبینین وەکو ئەو بەرنامانەی داوا لە بینەر دەکەن، کە ڕای خۆیان بە تەلەفۆن دەربڕن. یاخود بەرنامەکانی مانگی ڕەمەزان، کە بۆ پێشبڕکێ پێشکەش دەکرێن. ئەو بەرنامانە ڕاستەوخۆن و خێرا وەڵامی جەماوەر دەزانرێت.
_ دەنگدانەوەی درەنگ: لێرەدا ئەوەی پەیام دەنێرێت، درەنگ و بەشێوەیەکی

لەسەرخۆ دەنگدانەوەکەی پێ دەگات. بۆ نموونە لەو ریکلامانەی لە تەلەڤزیۆنەکان دەکرێن. دواتر مەودای دەنگدانەوەکانیان دەزانرێت.
_ دەنگدانەوەی پێشوەخت: ئەمەشیان هەر تایبەتە بە گەیاندنی جەماوەرییەوە. لێرەدا گەیەنەر هەوڵ دەدات کاردانەوەی جەماوەر لەبارەی پەیامێکی ڕاگەیاندنەوە بزانێت، پێش ئەوەی بەرهەمی بهێنیت. بۆ نموونە بەرنامەیەک لە شێوەی تێست (تاقیکردنەوە) پیشانی کۆمەڵێک کەس دەدرێت و داوایان لێ دەکرێت بیروبۆچوونی خۆیان لەو بارەیەوە دەربڕن. بەپێی ئەو بیروبۆچوونانە بەرنامەکە گۆڕانی بەسەردا دەهێنرێت و ڕێک دەخرێت.

شێوازەکانی دەنگدانەوە: ئەمەشیان دوو جۆرە:

_ دەنگدانەوەی لەفزی (لفظی):

دەنگدانەوەی لەفزی لە گەیاندنی پێرسۆناڵی و گەیاندنی ڕووبەڕوو دێتە کایەوە. وەکو ئەوەی لە تەلەفۆن و تەلەڤزیۆندا دەیبینین. ئەرستۆ بۆ یەکەمین جار چوارچێوەیەکی تیۆریی بۆ پرۆسیسی گەیاندن داناوە بەتایبەتی لە بواری نووسینی گوتار (خطبە)دا، کە وا ڕوونی دەکاتەوە، بەوەی گەیاندن توانایەکە، دەبێت لە هەر کەسێکدا هەبێت بۆ قەناعەتپێهێنانی کەسانی دیکە، کە سێ ڕەگەز لە خۆی دەگرێت: گوتاربێژ (خطیب) و (گوتار) و جەماوەر. ئەم سێیانەش بە زمانی گەیاندن دەبنە پەیامنێر و پەیام و وەرگر. وەک دەبینین گوتاربێژ گوتارەکەی بەشێوەی لەفزی یان زارەکی دەگەیەنێتە جەماوەر. لێرەشدا پشت بە زمانی شیرین و وشەی سادە و شارەزایی لە دەربڕیندا دەبەستێت، بەو مەبەستەی کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانە لە جەماوەر بکات.

_ دەنگدانەوەی نالەفزی (غیر لفظی):

دەنگدانەوەی نالەفزی لە باری گەیاندنی ڕووبەڕوودا ئاماژە و جووڵەی دەموچاو و چاو و دەستەکان و سەر دەگرێتەوە. لێرەدا بەرامبەر بە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و کاسێت و سی دی دەنگدانەوەیەکی نالەفزی دەردەکەوێت. کاتێک یەکێک گوێ لە ڕادیۆ دەگرێت، یان لە تەلەڤزیۆن رادەمێنیت کاردانەوەی لا دروست دەبێت، بەلآم ئەو کاردانەوەیە هەر بە ئاماژەیە و لەفزی نییە.

چوارەم: پارە دان (التمويل) Finance:

گەیاندنی جەماوەری هەمیشە لە دامودەزگای گەورە پێکدێت و پێویستی بە پارە هەیە، جا بۆ مووچەی کارمەندەکانی بێت، یان بۆ کڕینی کەلوپەل و ئامێری راگەیاندن. لێرەشدا چەند سەرچاوەیەکی پارە دان (تمويل) هەن وەکو پارەدانی حوکومی، کە حوکومەت پارە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و تیڤییەکان دەدات. سەرچاوەیەکی دیکە دامودەزگا تایبەتەکانن، وەکو دامودەزگای پەخش و بلآوکردنەوە، کە بە پارەی خۆیان ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب دەردەکەن. زۆر جاریش حوکومەت بەشێکی پارەکە دەدات و دامودەزگاکان نیمچە سەربەخۆن. حزبەکانیش سەرچاوەیەکی دیکەی پارە دانن. ئەوانیش ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی تایبەت بە خۆیان دەردەکەن و تەلەڤزیۆنی تایبەتی خۆیان دادەمەزرێنن.
لێرەشدا دەبێت ئاماژە بەو داهاتانەش بدەین، کە گەیاندنی جەماوەری پێی دەگات وەکو حوکومەت، کە پارەی تەواو بۆ رادیۆ و تەلەڤزیۆن دەدات، بۆیە ئەو ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنانەی حوکومیین ریکلام بۆ هیچ شتێک ناکەن. حزب و ڕێکخراوەکانیش هاوکاریی ئەو ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و بلآوکراوانە دەکەن، کە بەناوی ئەوانەوە قسە دەکەن. خەڵکیش زۆر جار کۆمەکی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەن. دیارە فرۆشتنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەش

سەرچاوەیەکی دیکەی ئەو داهاتەن، ئەوە سەرەڕای ڕیکلام، کە بە سەرچاوەیەکی گرینگی ئەو داهاتە دادەنرێت.

پێنجەم: هەڵسەنگاندن: Gatekeeping

پرۆسەی گەیاندنی جەماوەری لە ڕێگای دامودەزگاوە جێبەجێ دەبێت جا ئەو دامودەزگایانە گەورە بن یان بچووک. دیارە گەیاندنی جەماوەی فەلسەفە و ئامانجی خۆی هەیە لە گەیاندنی پەیامدا. ئەو دامودەزگایانە لە کۆنتێکست (سیاق)ێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری و فیکریی دیاریکراودا کار دەکەن، بۆیە لەسەر ئەو دامودەزگایانە پێویستە پەیامی خۆیان لەلایەک لەگەڵ ئەو کۆنتێکستەدا ڕێکبخەن و لەلایەکی دیکەش لەگەڵ فەلسەفە و ئامانجەکانی و لەولاتریش لەگەڵ بەرژەوەندیی ئابوورییاندا. وەک دەبینین ئازادیی ڕەهای ڕێگاکانی گەیاندن درۆیەکی گەورەیە. هەر پرۆسێسێکی گەیاندن لە کۆنێکستی تایبەتی خۆی پێکدێت و دەبێت نێرەر بەرژەوەندیی دەوڵەت و دابونەریتی خەڵک و کولتورییان ڕەچاو بکات، بۆیە ئەو دەزگایانە دەبێت ئەو شتانە هەڵسەنگێنن، کە چی شایانی بڵاوکردنەوەیە و چی شایانی بڵاوکردنەوە نییە. واتە دەبێت هەمیشە پرۆسەی لە بێژینگدان لەبەرچاو بگیرێت. ئەو ئەرکە لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا دەکەوێتە ئەستۆی سەرنووسەر، یان بەڕێوەبەری نووسینەوە. لە چاپکردنی کتێبدا بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لەمە بەرپرسیارە. هەروەها لە تیڤییەکانیش بەهەمان شێوە دەبێت بزانن چی نیشان بدرێت و چی نیشان نەدرێت.

پرۆسێسی هەڵسەنگاندن لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە گرنگە:

یەکەم: هەموو کۆمەڵگایەک دابونەریتی خۆی هەیە و دەبێت بەشێوەیەک لە شێوەکان پارێزگارییان لێ بکرێت.
دووەم: لە ڕووی پراکتیکەوە ڕۆژنامە لە توانایدا نییە هەموو شتێک بڵاو

بکاتەوە، چونکە ئەگەر وا بکات، قەبارەی چەند جار بەقەدەر خۆی گەورە دەبێت. بەمەش تێچوونی زۆر دەبێت و خەڵکیش ناتوانن بە نرخێکی گران بیکڕن. ئەمە مانای مەرگی ئەو ڕۆژنامەیە دەگەیەنێت.
سێیەم: دەبێت ئاستەکانی هونەری و زمانەوانی و داهێنان لەبەرچاو بگیرێت.
چوارەم: دەبێت تایبەتمەندیی ئەو ڕووبەرە جوگرافییە لەبەرچاو بگیرێت، کە گەیاندنی جەماوەی مەبەستیەتی. بۆ نموونە ئەوەی بە کەڵکی کۆمەڵگای ئەڵمانی دێت، مەرج نییە بۆ کۆمەڵگای بەرازیلی دەست بدات و ئەوەی لە سوێد بەسوودە، مەرج نییە لە کوردستان کەڵکی لێ وەربگیرێت.
پێنجەم: هەر کۆمەڵگایەک یاسای تایبەتیی خۆی هەیە، کە پرۆسێسی گەیاندن ڕێکدەخات، بۆیە دەبێت بزانرێت چی ڕێگای پێ دراوە و چی قەدەغەیە.
شەشەم: هەر کۆمەڵگایەک چێژ و زەوقی خۆی هەیە، دەبێت ئەوەش بە هەند هەڵبگیرێت.

ئەو فاکتەرانەی کار دەکەنە سەر پرۆسەی هەڵسەنگاندن:

1. کۆنترۆڵی ئابووری، کە خۆی لە بودجەیەکی تێروتەسەل (المیزانیە المتوفرە)ی دامودەزگای گەیاندندا دەبینێتەوە.

بۆ نموونە دەبینین بودجە ڕێگا نادات بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی بەرهەم بهێنرێت، کە تێچوونەکەی لە دوو ملیۆن دینار زیاتر بێت. ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک ناتوانێت لاپەڕەکانی لەوە زیاتر بکات، یان کوالیتتیی چاپەکەی بەرزتر بکاتەوە.

2. کاراکتەریست (کەسێتی)ی ئەوەی ئەرکی لەبێژینگدان دەگرێتە ئەستۆ: واتە بیروبۆچوونەکانی ئەو کەسە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لەوەی چی لاببرێت و چی لانەبرێت.

3. ئایدۆلۆژیا و دابونەریتی باوی کۆمەڵگا کاریگەری لەو کەسە دەکات، کە ئەرکی لەبێژینگدان دەگرێتە ئەستۆ. واتە چی لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگا گونجاوە و چی نەگونجاوە.

کاریگەریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر کۆمەڵگا:

هەروەک چۆن پرۆفیسۆری ئەنسروپۆلۆژی "جۆرج بالاندییە"، نووسەری کتێبی "ئەنسرۆلۆژیی سیاسی" دەڵێت: "بە هۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە لەم بوارەدا ڕووی داوە، شێوازی بەرهەمهێنانی وێنە سیاسییەکانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. جیهانی سیاسەت بە چەشنێکی بێوێنە لە بەردەم هاوولاتیاندا نمایش دەکرێت و بە ڕاددەیەکی زۆر، لایەنی ئەفسونئامێزی خۆی لەدەست داوە. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی لەئەفسانەخستنی سیاسەت."

بەکارهێنانی سەرەکیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەوەیە کە بیر و بۆچوونە گشتییەکان گەلاڵە بکات و جۆرە هاوڕاییەکی کۆمەلایەتی کە بۆ دیسپلینی کۆمەڵگە لە هەر سیستەمێکدا پێویستە، وەدی بێنێت. ئەم ئەرکەیش ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەنجامی دەدەن. لە نێوەندی بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان، بیر و ڕای تاکەکان لە هەمبەر ژینگە و ئەو پرسانەی کە لە دەوروبەری ڕوو دەدەن کراوەتر دەبێت. هەروەها تاک پەی بە ئەرک و مافەکانی خۆی دەبات و دەتوانێت هەمبەر دەستێوەردانی حکوومەت بەرپەرچدانەوەی هەبێت و سنوورێک بۆ کردارەکانی حکوومەت بکێشێت؛ لێرەدا دەسەڵات بۆ ئەوەی بتوانێت پارێزگاری لە بەردەوامبوونی خۆی بکات، ناچار هەوڵ دەدات لە بڕیار و کردارەکانیدا بۆچوونی هاوولاتیان ڕەچاو بکات.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک بەشێک لە سیستەمی لاوەکیی کۆمەڵگە(Subsystem) ، لەژێر کاریگەریی سیستەمی گشتیی کۆمەلایەتیدایە. هەروەها سەرکەوتنیشیان لە ڕاکێشانی بەشداریی گەل،

دەتوانرێت لە چوارچێوەی سیستەمی زاڵ بەسەر ئەم ئامرازانەدا هەڵبسەنگێنرێت. ئەم سەرکەوتنەیش بەندە بە بوونی سیستەمێکی جەماوەری. سەقامگیریی ئەم سیستەمەیش پێشمەرجێکە بۆ هێنانەدیی یەکگرتوویی و فاکتەرێکی ڕێخۆشکەرە بۆ بەشدارییە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی سیاسیدا. ئەم ئامرازانە لە ڕێگەی پلان و بەرنامەکانیانەوە توانیویانە جۆرە کەلتوورێکی یەکدەست و سەقامگیر لە کۆمەڵگەدا بێننە ئاراوە. هەر ئەم کەلتوورەیش وای کردووە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ژیانی سیاسی، بایەخی زۆریان هەبێت.
ئامرازەکانی ڕاگەیاندن خاوەن دەسەڵاتێکی یەکجار زۆرن، بە چەشنێک لە توانایاندایە گۆڕانکاری لە کەلتوورەکاندا دروست بکەن و داواکاریی نوێ لە جێگەی خواستەکانی ڕابردوو دابنێن. میدیا نوێیەکان مۆنۆپۆڵەکانی پێشوو دەخەنە ژێرەوە و بە دانانی مۆنۆپۆڵی نوێ، سەرچاوەکانی دەسەڵات و هێژموون لە گرووپێکی کومەڵایەتییەوە بۆ گرووپێکی تر دەگوازنەوە.
ڕاگەیاندنە نوێیەکان نەك تەنیا ناوەندی نوێی دەسەڵات دروست دەکەن بەڵکوو شێوازی فیکری و پەیوەندیی نوێیش دروست دەکەن و داهێنەری گەلێک تێگەیشتن و دەرککردنی نوێ و تایبەتن لە هەموو پانتاییەکانی ژیاندا. بۆیە ئەم ئامرازانە، بوون بە بەشێک لە کەناڵەکانی چاودێریی دەسەڵات و ئەمەیش کاریگەریی بەسەر بڕیارەکانی دەسەڵاتدا هەیە و لەمپەرە لە هەمبەر ئازادانە کارکردنی دەسەڵاتدا.
هابەرماس، ئاماژە بە هەندێ ئەرک دەکات کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سیستەمە سیاسییەکانی دامەزراو لەسەر بنەمای یاسا ئەنجامیان دەدەن، ئەم ئەرکانەیش بریتین لە:
١. چاودێریکردنی ژینگەی کومەڵایەتی_ئابووری و گوزارشتکردن لەو گۆڕانکارییانەی کە لەوانەیە بە شێوەی پۆزەتیڤانە یان نێگەتیڤانە کاریگەریی لەسەر خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیاندا هەبێت.
٢. بەرجەستەکردنی مانادارى پەیامەکان؛ واتە گەڵاڵەکردنی بابەتەکان، بە جۆرێک کە مانایان هەبێت.

٣. سەکۆیەکە بۆ پشتگیریکردنی ڕۆشنبیرانە لە سیاسەتمەدار و، گوتەبێژی گرووپەکانی تری ناو کۆمەڵگەیشە.
٤. دروستکردنی پانتای گفتوگۆ لە نێوان ڕوانگە جۆراوجۆرەکان، هەروەها لە نێوان دەسەڵاتداران و خەڵکدا.
٥. ڕێکاری پێویست گرتنەبەر بۆ ناچارکردنی بەرپرسان بۆ وەڵامدانەوەیان سەبارەت بە چۆنێتیی بەکار هێنانی دەسەڵاتیان.
٦. هاندان و فێرکردنیان لە چۆنێتیی بەشداریی سیاسی و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا.
٧. بەرگریی بەردەوام دژ بە هێزەکانی دەرەوەی ئەم ئامرازانە کە هەوڵ دەدەن سەربەخۆییان لەناو ببەن.
٨. ڕێزگرتن لە لایەنی بەرامبەر.
هەروەها بە بۆچوونی هارولد لاسویل ئەرکەکانی ئەم ئامرازانە بریتین لە، پارێزگاریکردن لە ژینگە، هێنانەدیی هاوبەندی لە نێوان گشت بەشەکانی کۆمەڵگەدا، گواستنەوەی میراتی کەلتوور لە وەچەیەک بۆ وەچەیەکی تر.
لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ئامرازانە پردی پەیوەندین لە نێوان گەل و دەسەڵاتدا، کە لە نێوەندیدا هەم دەسەڵات ئاگاداری داواکارییەکانی ژینگەی دەرەوە و ناوەوەی خۆی و چۆنێتیی تێڕامانی جەماوەر بۆ دەسەڵاتی سیاسی دەبێت و، هەمیش جەماوەر ئاگاداری بڕیارەکانی دەسەڵات دەبێتەوە.
بەم پێیە، پێویستە ئەم ئامرازانە ئەوەندە لە سیاسەت و حکوومەت نزیک بن تاکوو بتوانن زانیاری دەستەبەر بکەن. لە لایەکی ترەوە، دەبێ ئەم ئامرازانە بێلایەن و خۆپارێز بن تا بتوانن ئیعتیباری خۆیان بپارێزن. بەم شێوەیەیش، دەبن بە ناوبژیوان و بازنەی پەیوەندی لە نێوان هاووڵاتی و حکوومەتدا لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ڕەوڕەوەکانی زانیاری، کە ئەمەیش بناغەی داڕشتنی بڕیارە سیاسییەکانە.
توێژەران چوار ڕێگەیان دیاری کردووە کە لە نێوەندیدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەرییان بەسەر ڕای گشتییەوە هەیە:

١. ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لەو شتەی کە لە جیهاندا ڕوو دەدات (شێوازی فێر کردن)؛ ٢. دیاریکردنی دۆز و ڕووداوە سیاسییە گرنگەکان، یان کێشەکانی ڕۆژ (شێوازی پلەبەندیکردنی ڕووداوەکان).
٣. گێڕانی ڕۆڵی کاریگەریخستنە سەر دیاریکردنی ئەوەی کە کام یەک لە سیاسەتمەداران پێویستە لۆمە یان پاداشت بکرێت (دیاریکردنی بەرپرسیارێتی).
٤. شێوازی کاریگەریخستنە سەر بژاردنەکان (الخیارات) و حەزە سیاسییەکانی خەڵک (ڕازیکردن).
بەم جۆرە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سەردەمی زانیاریدا بەشێکی دانەبڕاون لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ و ڕۆڵی کارا لە پەروەردە کردن و پێشکەوتنی تاک و کۆمەڵدا دەگێڕن. ئەم ئامرازانە لە ڕێگەی ئەو وێنە و وتارانەی کە بڵاو دەکەنەوە، توانیویانە جۆرە وروروژاندنێکی هاووڵاتی لە کۆمەڵگەدا بخوڵقێنن. لە قۆناغی ئێستادا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن سنورە سیاسی، ئابووری، کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی تێک شکاندووە و بەڕاشکاوانە دەست لە کاروباری ژیانی ڕۆژانە وەردەدات و ڕووە شاراوەکانی هەر ڕووداو و بابەتێک ئاشکرا دەکات. ئەمەیش وای کردووە کە بەدەستهێنانی زانیاری، قۆرخ نەکرێت و ئاستی زانین و هۆشیاریی گەل بەرز ببێتەوە و بە شێوەیەکی ئاسانتر داواکارییەکان خەڵک لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە دابین بکرێن.
ئەم ئامرازانە ڕەنگدانەوەی ژینگەی سیاسین؛ یاخود ئاوێنەی ڕووداو و ململانێ و کارلێککەرە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانە لە ئاستی سیاسیدا و بەبێ بوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری، هیچ کەس لە دەرەوەی بازنەی سیاسیدا ناتوانێت ئاگاداری ڕووداوە سیاسییەکان ببێتەوە. بەم جۆرەیش، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چوارڕێیانی پێکەوەگرێدانی کۆمەڵگە پێک دێنن. ئەم چوارڕێیانە دەسەڵاتداران بە نوخبە و بە جەماوەر، کۆمەڵانی خەڵک بەیەکدی و دەسەڵاتداران بەیەکەوە دەبەستێتەوە.
ڕاستییەکەی، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە جیهانی نوێدا ئەرکی گواستنەوەی

وتار و بیسراوەکانیان لە ئەستۆدایە؛ بەرهەمهێنانی مەعریفە و زانیارییش ئەرکی دووەمی ئەم ئامرازانە پێک دێنێت.
لە نێوەندی تیشکخستنە سەر گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و کێشە و گرفتە جۆراوجۆرەکان و گەلاڵەکردنی بابەتە هەستیارەکان و ئەولەوییەتبەخشین بە هەندێکیان و دواتریش ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک، ئەم ئامرازانە فاکتەری سەرەکین لە وروژاندن و بەرهەمهێنانی ڕای گشتی، بەتایبەتیش لەو کات و کۆمەڵگەیانەدا کە ڕکابەریێتی لە نێوان ئەم ئامرازانەدا لە ئارادا بێت. ستوارت هال، لە کتێبی "خۆدۆزینەوەی ئایدیۆلۆژیک"دا ئاماژە بەوە دەکات کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگیان لە ئافراندن و بەهێزکردنی ڕامانی ئێمە بۆ کۆمەڵگەی خۆمان و جیهانی دەوروبەرمان هەیە. ئەم ئامرازانە جەماوەر ڕەزامەند و هۆگری بارودۆخی بەرقەراری سیاسی و ئابووریی ئێستا دەکەن. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، سەرەڕای دروستکردنی چوارچێوەی کەلتووریی جەماوەری، گرنگترین ئامرازەکانی سەرمایەداریی سەدەی بیستەمن بۆ پاراستنی گوێڕایەڵیی خەڵک بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەدا.
دانییڵ لێرنر، لە کتێبەکەیدا بە ناوی "گوزار لە کۆمەڵگەکانی تەقلیدی، مۆدێرنیزاسیۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"، کە لە ساڵی ١٩٥٨ دەرچووە، لەبارەی چۆنێتیی گەشەسەندن لە وڵاتانی دواکەوتوودا سەبارەت بە ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەم وڵاتانەدا، وا دەبینێت کە بەرزبوونەوەی ئاستی شارستانییەت، مەیلدارە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە. بەرزبوونەوەی ئاستی پەروەردەیش دەبێتە هۆی زیاتر نزیکبوونەوە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و نزیکبوونەوەیش لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی بەشداریی ئابووریی بەرفراوانتری خەڵک (سەبارەت بە ئاستی داهاتی تاک) و بەشداریی سیاسیی زۆرتر (دەنگدان).
پوختە
ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەرکی دوولایەنە دەگێڕن؛ واتە بڕیارەکانی دەسەڵات بۆ کۆمەڵگە دەگوازنەوە و، بیر و بۆچوونەکانی کۆمەڵگەیش بۆ

دەسەڵات. ئەنجامی ئەم چالاکییەیش ئاگاداریی ڕای گشتی و دەسەڵاتە لە داواکارییەکانی یەکدی. لێرەیشەوە جۆرە ئاسایش و متمانەیەک لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەدا وەدی دێت کە لە دەرهاویشتەی چالاکییەکانی بابەتییانەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنن. ئەم ئامرازانە بە هۆی بەرفراوانیی پانتاییی تۆڕەکانیان، ڕۆڵێکی بەهێزیان لە چۆنێتیی دروستکردنی بۆچوونی هاووڵاتیان دەگێڕن؛ چونکە پەروەردکردن و ئاگادارکردنەوە، لە چالاکییە هەرە سەرەکییەکانی ئەم ئامرازانەن. لە لایەکی ترەوە، بە هۆی زیادبوونی جۆراوجۆریی ئەم ئامرازانە، دەسەڵاتی سیاسی لە زۆربەی وڵاتاندا هەوڵ دەدات کە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا پشت بە ڕەزامەندیی جەماوەر لە دەسەڵات و بڕیارەکانی ببەستێت؛ بەتایبەتیش لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا کە گەل بە سەرچاوەی دەسەڵات لە قەڵەم دەدرێت. هەر بۆیە دەبینین لەم وڵاتانەدا مەڵبەندی بەهێز هەن کە بە میتۆدێکی زانستییانە لەسەر پرسە گرنگەکان ڕاپرسی ئەنجام دەدەن و بیر و ڕای هاووڵاتیان سەبارەت بە پرسە هەستیارەکان دەخەنە ڕوو.



Share